# دەوڵەتی بریتانیا رەخنەی لە خراپی باری مافی مرۆڤ لە ئێران گرت

وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی دا، هەل و مەرجی مافی مرۆڤ لە رژیمی ئێراندا بە خراپتر لە ساڵانی پێشوو ناو هێناوە.

ئەو ساڵ، ١٠ ساڵە کە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ساڵنامەیێك سەربارەت بە هەل و مەرجی مافی مرۆڤ لە جیهاندا دەردەکا.

ڕاگەیاندنی ئەو ڕاپۆرتە لە ساڵی ڕابردوودا هاوکاتە لەگەڵ ٦٠ مین ساڵیادی دەرچوونی ئیعلامیەی جیهانی مافی مرۆڤ کە ئێرانیش یەکێك لەو وەڵاتانەیە ئیمزای کردوە.

ساڵنامەی مافی مرۆڤی ٢٠٠٧ی بریتانیا عەسری رۆژی سێ شەممە ١٣٨٧/١/٥ بە ئامادە بوونی وەزیری دەرەوەی ئەو وەڵاتە، پێش کەش بە هەواڵنیران و هەڵسوڕاوانی مافی مرۆڤ و پسپۆڕانی بریتانیا کراوە.